چەکدارێك هەرشدەكات سەر دادگای باڵای تاران و لە ئەنجامدا دو دادوەری ئەو دادگایە دەكوژێت

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ چەكدارێك هەرشدەكات سەر دادگای باڵای تاران و لە ئەنجامدا دو دادوەری ئەو دادگایە دەكوژێت كە بە گوێرەی میدیاكانی ئێران بە ئەزمونبون لە بوارەكانی "تاوانەكانی دژ بە ئاسایشی نیشتیمانی" و "سیخوڕی"، هەروەها هەربەشبەرەكە دوای ئەنجامدانی ئەو كارە خۆشی دەكوژێت.

میدیاكانی ئێران باویانكردوە، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ كەسێكی چەكدار دزە دەكاتە ناو دادگای باڵا لە تاران و لە چالاكیەكی پلان بە داڕێژراودا، دو دادوەری دادگاكە كە بە ئەزمونبون لە بوارەكانی "تاوانەكانی دژ بە ئاسایشی نیشتیمانی" و "سیخوڕی" تیردەكرد.

ئاماژەی بەوەشكرد، لە ئەنجامی ڕوداوەكەدا هەر یەكە لە دادوەران عەلی ڕازینی بەرپرسی لقی 39ی داداگ و محەمەد موقیسە بەرپرسی لقی 53ی دادگای باڵا كوژراون و هەرشبەرەكە دوای كوشتنی ئەو دو دادوە، خۆشی كوشتوە.

بەگوێرەی میدیاكانی ئێران، هەشتا وردەكاری ڕوداوەكە و ڕەوشی بریندارەكان لەبەردەستدا نییە، بەڵام لە ئێستادا لەكەینوەكان لەبارەی ڕوداوەكە و "دەستنیشانكردنی تاوانبارانی پشتی ئەو ڕوداوە دەستیپێكردوە".